# ئەبم بە جەللاد بۆ هەڵەبجە، ئەبم بە پەتی سێدارە ؟

ئاسۆعەبدوللەتیف



بۆئەوەی کە هێند زمان نەکرۆژین پێویستە گوێ بۆ تۆڵەی دەوڵەت بگرین و بەگوێی بکەین، هێنانی عەلی کیمیایی بۆ هەڵەبجە بریارێکی عیراقیەو زادەی یاساو دەرەنجامی دادگاییکردنەو کوردو دەسەڵاتەکەی نەیانکردوەو ناشیکەن، گەر دەسەڵاتی کوردی ئەم کارەی بکردایە دڵنیام دەمێ بوو عەلی کیمیاییش وەك جێگرەکەی سەدام ئەهێنرایە هاوینە هەواری دوکان، یان وەك شێخ جەعفەرەکان بەرێیان ئەکرد یان وەك وەفیق سامەراییەکان ئەکرایە راوێژکار، رەنگە ئەو دەنگانەی کە تائێستا لێرەو لەوێ تەنزیر بۆ ئەوە ئەکەن کە عەلی کیمیایی نەهێنرێتە هەڵەبجە جگە لە نەغمەیەکی حیزبی هیچ لۆژیکێکی دیکە لە خۆ نەگرێت بە کۆمەڵەی قوربانیانی چەکی کیمیاییشەوە کە باشگەز بوونەوە لەو کەمپینەی کۆمیتەی چاکی هەڵەبجە، ئەو نوسەرە بەناو ریفۆرمخوازو لیبراڵانەی کە ئێستا بە ئاراستەی خەونی سونییەکاندا کارئەکەن و نایانەوێت سێدارەکە ببرێتە هەڵەبجە لە باتی ئەوەی کە میهرەجان سازبکەن و خەڵك هان بدەن و سەما بکەن بۆ ئەوەی کە ئەو پرۆسەی تۆڵەیە لە شاری هەڵەبجە سازبکرێ کەچی خۆیان بێ ئاگا ئەکەن،(چونکە جوانترین تۆڵەی دونیایە) بە نەغمەیەکی زۆر تراژیدی قسە ئەکەن و هێشتا یادەوەریەکانیان پڕە لە موجامەلەی عەرەب و شۆفێنیزم، ئەم تایپە لە بەشەری کوردی کە نایەوێت بزانێ دوێنێ هەڵەبجە لە چ کارەساتێکدا ژیاوەو خوێنی لێ چۆراوە، ئێستاش لە چ کەلاوەیەکدا ئەژی و ژیانی لێ ئەچۆڕێ، بێگومان ناشیەوێت بۆ سێدارەیەك یەك تۆز هیلاکی بچێژێ، من نازانم کورد بۆچی تەنها گەرەکیانە بەبۆنەی هەڵەبجەوە خۆیان بە مرۆڤ و نەتەوەیەکی ناسك و سپی و ئەرخەوانی پیشان بدەن، لەکاتێکدا هەر لەو هەڵەبجەیەداو دوای کیمیایی بارانکردن ئەو حیزبانە دەیان جەولە شەریان لە حەرەمی ئەو شارەدا ئەنجامداو خوێنی سەدان کەسیان لەو خاکە پیرۆزەدا رژاندو هەزاران دزییان لەو شارەکردو کەسێك پێی نەوتن خاکی هەڵەبجە گڵاو مەکەن و بۆ گڵاوتانکرد، ئەی ئێستا خێرە کەهەڵەبجە دەیەوێ تۆڵە بکاتەوە ناهێڵن و ئەڵێن با خاکەکەی پیس نەبێ؟خێرە جەللادی دوێنێ ئەبێتە هیومانیزم و ئاشتیخوازی ئەمڕۆ؟ ئەم تایپە لە بەشەری کوردی تاییپێکن دەترسن لە کورسی بەغدادو لە سوننەو لە سەربرینی کوردو تیرۆر، وا ئەزانن بەدوای پرۆسەی سێدارەکردنەکەدا دونیا ژێراو ژوور بێتەوە، بەبێ ئەوەی رەهەندە فیزیکی و سیاسی و عەقلانیەکان لێك بدەنەوە کە چەن خزمەت بە هەڵەبجەو کورد ئەکات، یان وەك دەڵێن با هەڵەبجەییەکان لە قوربانیەوە نەبنە جەللاد، سەیرە ئەم شینە بۆ کێ ئەکەن؟ ئەی چەند ساڵە بۆ ناڵێن با شارەکەتان نەبێتە سەرەنوێڵك و کوێرە گوند؟

ئاخر ئێمە گەر ئەم تۆڵەیە بەهەند وەرنەگرین وەکو دیکۆمێنتێکی جینۆساید و نەیکەینە بابەتی وروژێنەری میدیای جیهانی سبەینێ بە چ زمانێك بیسەلمێنین کە تاوانێکی گەورەی وەکو کیمیاباران ئەنجامدراوە لە دژمان؟ گەلی جولەکە بە تۆڵەو گەورەکردنی کەیسی ئازارەکانی و بەرجەستەکردنی کارەسات و کوشتنە بچوکەکانی و گەورەکردنی لە میدیادا بوویە لۆبی بەهێزی جیهانی و دەوڵەت و سێنتراڵی گەورە، کەچی ئێمە

ڕێك پێچەوانە، دەمانەوێت بە خۆلادان لە تۆڵەو بچوككردنەوەی كۆمەڵكوژییە گەورەكانمان و سڕینەوەی كەیسی تاوانكاریەكان ببینە دەوڵەت و هێزیشمان هەبێ؟ ئەمانەوێ بەمرۆڤپەروەری بێ بەرنامەوە؟!! ببینە دەوڵەت، وەك ئەوەی جیهان خەوتبێ و ئاگای لە زبری و جەنگ و خوێنڕێژیەكانمان نەبێ(ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكاو هیومان ڕایتس وۆچ) لەسەر پێشێلكردنی مافەكانی مرۆڤ و ئەشكەنجەدانی زیندانیە كوردیەكان نمونەی بەرچاون،

باشە گەر مۆزەخانەیەكی چەكی كۆكوژمان نەبێ و مینۆمێنتیش سوتابێ و هەڵەبجەش مەعالیمێكی شارستانی وای تێدانەبێ و عەلی كیمیاییش نەهێنین بۆ هەڵەبجە بۆ سێدارەدان، ئەی چۆن بە جیهان و بە دەوڵەتی مۆدێرنی عیراقی بڵێین كە شارێكمان هەیە ئەوە 19 ساڵە بۆتە سومبولی قوربانیدان و ڕەمزی مەزڵومیەت و تاقیكراوەی چەكی كۆكوژ و خاوەنی 5000 شەهیدین كەچی وێرانترین و بێنازترن شاری دونیاین؟ بێ خەستەخانەترین و بێشەقامترین و بێ پرۆژەترین شاری دونیاین؟ ئایا ئەكرێ هەڵەبجە بەو هەموو ئازارەوە بمێنێتەوە تەنها لەبەر خاتری وەسفێك كە پێی بوترێت لێبوردەیەو قوربانییە؟ ئایا تاكەی ئەم شارە دووربێت لە چاوی میدیاو ڕۆژنامەنوسان و تا بێت كاولترو داماوترو پەراوێزتریش بێت و چاوەڕێی ئەوە بكات مالیكی ساڵانە چەند ملیۆنێ دیناری بۆ بنێرێ یان شیعەیەك پاركێكی بۆ دروست بكات یان دەسەڵاتی كوردی هەر هیچ هیچی بۆ نەكات و سەرباری ئەمانە سەدان دزی و دەخەڵیشی بەناوەوە بكرێ و كەسیش لەسەری دادگایی نەكرێ؟ ئاخر شارێ ئەمە ژیان و بژێوی و وەزعی نالەبارو تەندروستی بێت حەق نییە هەموومان ببینە جەللاد بۆی؟ من قوربانیم بۆچیە كە زیندوەكان لە خراپترین ڕەوشدا بژین، لەبەر ئەوە با عەلی كیمیایی بهێنرێتە هەڵەبجەو لەوێ ستەم و دڵڕەقی و ڕەزالەتی خۆی وەرگرێ و لە سێدارە بدرێ.